پژوهشنامه ادبیات کُردی
سـال دوم، شماره ۲، بـهار ۱۳۹۵
صص ۱۵۱ - ۱۷۳

# بەرایییەک بۆ ناسینی شێوازی شێعری موکریانی

تاریخ دریافت مقاله: ۱۳۹٤/۹/۲۸ تاریخ پذیرش نهایی: ۱۳۹۵/۲/۲۱

**د. ڕەهبەر مەحموودزادە**
**دوکتۆرای فەلسەفەی زانست زانکۆی تاران**

**کورتە**

شێوازی شێعری موکریان، لە ئەنجامی چالاک‌کردنی هەندێک زەرفییەتی زمانی و ئەدەبی گووراوە کە لە زەمانی حاجی قادری کۆیی‌یەوە لە ناو ئەدەبی کوردیدا - بە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست - خۆی حەشار دابوو. هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوازە شێعرییە بریتین لە: دوور بوونەوە لەو زمانە مەدرەسییەی شاعیرانی قوتابخانەی بابان کەڵکیان لێ وەرگرتووە، «بە بەردەنگ دانانی خەڵک» کە وەکوو تەمهیدێکی شێوازناسانە زەمینەی کەلام بۆ دەکارکردنی زمانێکی خۆماڵی، لەبار دەکا، گواستنەوەی راوێژی قسەکردن و ئاخاوتنی رۆژانە و کەڵک وەرگرتن لە زەرفییەتی شاعیرانەی قسەکردنی رۆژانە، کەڵک وەرگرتن لە زەرفییەتەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، پێکهێنانی سەنتێزێک لە شێوازەکانی پێشووی شێعری کوردی.

**وشەگەلی سەرەکی**: شێوازی شێعریی موکریان، قوتابخانەی بابان، شێوازناسی، زەمینەی پەیڤ، راوێژی پەیڤ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی.

1- rahbar_om@yahoo.com

## ۱- سەرەتا

ئەگەرچی زۆربەی توێژەرانی بواری ئەدەبی کوردی، سەرەتای شێوازی شێعری موکریان دەگێڕنەوە بۆ سەیفی قازی و مەلا مارفی کۆکەیی و لەم بارەیەدا کۆدەنگییەکی ڕێژەیی لە گۆڕێدا هەیە، بەڵام وا هەبووە هەندێک توێژەر ئەم سەرەتایە هەتا وەفایی و میسباحوددیوانی ئەدەبیش بۆ دواوە بگێڕنەوە. دیارە ئەم رایەش لەم سۆنگەیەوە دەربڕدراوە کە شوێنی لەدایکبوون و ژیانی وەفایی و ئەدەب-یش، هەرێمی موکریان بووە. ئەوەی راستی بێ، چ خودی دەقە شێعرییەکان بکەین بە پێوانەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لەم بارەیەدا و چ بە گوێرەی جوداوازیی قۆناخە مێژووییەکانەوە دەست بدەینە پۆلێن کردنی قوتابخانە ئەدەبییەکان، لە هەردوو پێودانەدا بەم ئاکامە دەگەین کە گێڕانەوەی سەرەتای شێوازی موکریان بۆ ئەدەب یا وەفایی راست نییە؛ چونکە هەم شێوازی شێعری ئەم دوو شاعیرە لەگەڵ شاعیرانی شێوازی موکریان و هەم ئەو دەورەیەی ئەوان تێیدا ژیاون لەگەڵ دەورانی گووران و گەشەکردنی شێوازی شێعری موکریان جوداوازی هەیە.

جارێ لە باسکردنی چۆنیەتی جیاوازیی شێوازی شێعری ئەم دوو شاعیرە لەگەڵ شاعیرانی دواتری ئەم مەڵبەندە خۆم دەبوێرم و لەمەڕ جوداوازیی قۆناخە مێژووییەکانی ژیانی ئەو شاعیرانەشەوە هەر بە تەنیا ئەوەندە دەڵێم لە حاڵێکدا وەفایی لەساڵی ۱۹۰۲ و ئەدەب لە ساڵی ۱۹۱٦دا کۆچی دواییان کردووە، دەستپێکردنی ئەو بزاڤە ئەدەبییەی بە شێوازی شێعری موکریان ناودێر کرا، دەگەڕێتەوە بۆ کەشوهەوای ساڵانی بەر لە هەڵئایسانی شەڕی دووهەمی جیهانی و ئاخر و ئۆخری دەسەڵاتداریەتی رەزاشای پەهلەوی. لە بیرمان بێ سەیفی قازی لە ساڵی ۱۹٤٤دا، واتە دوو ساڵ بەر لە رووداوەکانی ساڵی ۱۳۲٤، کۆچی دوایی کردووە. ئەو کاتەی هەژار و هێمن لە خانەقای بورهان بۆ یەکەمجار چاویان بە سەیف کەوتووە، تەمەنیان بە گوتەی مامۆستا هەژار دە دوازدە ساڵێک بووە. کەواتە ئەگەر سەیفی قازی بە مامۆستای شاعیرانی موکریان بزانین -وەک مامۆستا هێمن دەڵێ- سەرەتای شێوازی موکریان هاوکات بووە لەگەڵ سەرەتای بڵاوبوونەوەی شێوە بۆچوونێکی نەتەوەیی نوێ کە ئەنجامەکەی لە رووداوەکانی ساڵانی ۲٤ و ۲۵دا خۆی نواند. هەربۆیە سەیر نییە دوو کەس لە دیارترین سیماکانی قوتابخانەی موکریان واتە هێمن و هەژار لە لایەن قازی محەممەدەوە وەک شاعیری میللی

ناسێندران. دیسان سەیر نییە کە قازی محەممەدیش برازای مامۆستای شاعیرانی موکریان و دەستپەروەردەی ئەو بووە.

راستە لە کاتی دوایین ساڵەکانی ژیانی عەبدوڵڵا بەگی میسباحەوە هەتا ئەم ساڵانە ماوەیەکی زۆر درێژ تێپەڕ نەبووبوو، بەڵام کەشوهەواکە زۆر گۆڕابوو. لەوانەیە بۆ تێگەیشتن لە رادەی جوداوازیی کەشوهەوای سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو دوو دەورەیە، هەر ئەم پێکەوە هەڵسەنگاندنە بەس بێ کە لە حاڵێکدا سەرۆکی کۆمارێکی کوردی لە مەهاباد، نازناوی شاعیری میللی دەدا بە دوو کەس لە شاعیرانی بیستوچوار بیستوپێنج ساڵەی قوتابخانەی موکریان، ئەدەب هەر لە تەمەنێکی نزیک لەم تەمەنەی هەژار و هێمن لە تەورێز کە ئەوکات وەلیعەهدنشینی قاجارییەکان بوو، لە لایەن محەممەدعەلی میرزای وەلیعەهدی قاجارییەوە، نازناوی میسباحوددیوانی پێدەدرێ. کەواتە وەکوو هێمایەک دەڵێم جوداوازیی ئەو دوو کەشوهەوایە، بە قەرا جوداوازیی کۆمارێکی لاوی کوردی لەگەڵ پاتشایەتییەکی پیری ئێرانییە.

هەڵبەت پێویستە ئەو خاڵەش زیاد بکرێ ئەوەی کە سەرەتای شێوازی شێعری موکریان بگێڕینەوە بۆ دوای وەفایی و ئەدەب، نابێ پێمان وا بێ داوەرییەکی رەخنەییمان لەسەر شێعری ئەم شاعیرانە کردووە. ئەم باسە مەنتیقێکی شێوازناسانەی هەیە و پێوەندی بە پۆلێن کردنی قوتابخانەکانی شێعری کوردییەوە هەیە؛ ئەگینا باس کردنی هونەری شێعری وەفایی سابڵاخی یا عەبدوڵڵابەگی میسباح، پێویستی بە مەجالێکی دیکە هەیە.

## ٢- پێشینەی لێکۆڵینەوە

لە بواری نووسینەوەی مێژووی شێعری کوردی و پۆلێن کردنی شێوازە شێعرییەکان لە ئەدەبی کوردیدا، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە هەندێک کار کراوە. ئەم کارە دیارانەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا کراون بریتین لە: ئەنجومەنی ئەدیبانی کوردی ئەمین فەیزی بەگ، گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم لە نووسینی عەلی کەمال باپیر و شێعر و ئەدەبیاتی کوردی لە نووسینی مامۆستا رەفیق حیلمی. دوای ئەم بەرهەمە بەراییانە، دیارترین کارەکان بریتین لە مێژووی ئەدەبی کوردی مامۆستا عەلائەددین سەجادی و کتێبی حەوت بەرگی مێژووی ئەدەبی

کوردی دوکتۆر مارف خەزنەدار. بەرهەمێکی دیکە هەر لەم بوارەدا بە زاراوەی کرمانجی سەروو بریتییە لە ئانتۆلۆژیا ئەدەبیاتا کوردی لە نووسینی محەمەد ئۆزۆن. لە کوردستانی ئێراندا یەکەم لێکۆڵینەوە دەربارەی مێژووی ئەدەبی کوردی کە لە چوارچێوەی کتێبدا بڵاو بووبێتەوە، کتێبی دوو بەرگی مێژووی ویژەی کوردی لە نووسینی دوکتۆر سەدیقی بۆرەکەیی (سەفیزادە)یە. کارێکی تر لە بواری مێژووی ئەدەبی کوردی بە زمانی فارسی بریتییە لە کلیات تاریخ ادبیات کردی لە نووسینی دوکتۆر بەختیار سەجادی.

لەسەر شێوازی شێعری موکریان، ڕەنگە چەخماخەی باسەکە لە وتارێکی مامۆستا هێمن-ەوە بە ناوی «مامۆستای شاعیرانی موکریان» کە لەسەر شێعری سەیفولقوزات نووسراوە، لێدرابێ. دوای وتاری مامۆستا هێمن هەندێک وتار لەسەر شاعیرانی موکریان نووسراوە کە بە داخەوە بە هۆی هەڵەیەکی مێتۆدۆلۆژیکەوە هەموو شاعیرانی موکریان بە شاعیرانی شێوازی موکریانی لە قەڵەم دراون. واتە لە بواری شێوازناسی شێعری کوردیدا، لە جیاتی پێوانەی شێوازناسانە، پێوانەی جوغرافیا بووە بە بنەمای کاری لێکۆڵەران. جگە لەم گرفتە، خەساری بەشێکی زۆر لە لێکۆڵینەوەکانی پێشووش بۆ ساغکردنەوەی شێوازەکانی شێعری کوردی، بەپێوانەگرتنی مێژوو و قۆناغەکانی مێژووییە.

## ۳- بنەما تیۆریکەکان

هەر وەک لە بەشی پێشوودا ئاماژەی پێکرا، زۆریەک لەو توێژەرانەی لە بواری پۆلێنکردنی شێوازەکانی شێعری کوردیدا کار دەکەن، یا شوێنی جوغرافیایی و مەڵبەندی ژیانی شاعیران دەکەن بە پێوانەی پۆلێنکردنی شێوازە شێعرییەکان، یا کاتی مێژوویی و دەورەی زەمانی ژیانی شاعیران دەکەن بە پێوانەی کارەکەیان و یا ئەوەتا هەر دوو پێوانە لێکدەدەن و بنەمای پۆلێنکردنەکەیان بنەمایەکی جوغرافیایی- مێژووییە. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ئەم شێوە توێژینەوەیە بەر لە هەر چەشنە پێوانەیەک پێویستیی بە پێوانەی پتەو و پاکژ و پاڵاوتەی شێوازناسانە هەیە. شێوازناسی لقێکی تیروتەسەلی پانتایی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانە و خۆی ڕێبازی جوداجودای لێ بووەتەوە. زۆرجار هەبوونی ناوی شوێنێکی جوغرافیایی تایبەت لە ناو ئەو زاراوانەی تەعبیر لە شێوازە ئەدەبییەکان دەکەن لەوانەیە کەسانێک بە

هەڵـەدا ببـا و بیانگەیێنـێ بـەو بۆچوونـەی پۆلێن کردنەکە لـە بنەڕەتـدا جوغرافیاییـە.

بەستنەوەی هەمـوو شـاعیرانی موکریـان بـە شـێوازی شـێعری موکریـان، هـەر ئەوەندە هەڵەیە کە بۆ نموونە هەموو شـاعیرانی خۆراسـانی سـەر بە شـێوازی شـێعری خۆراسـانی و هەموو شـاعیرانی فارسـی‌وێژی هیندی سەر بە شـێوازی هیندی لە ئەدەبی فارسـیدا بزانـین. وەک ئـەوەی چونکـە مەولـەوی خەڵکـی بەلخـە و بەلخیش بەشـێک لـە خۆراسـانی قـەدیم بـووە، مەولـەوی بـە شـاعیرێکی شـێوازی خۆراسـانی بناسـێنین و ئیقبالـی لاهووریـش کـە شـاعیرێکی فارسـی‌وێژی خەڵکـی شـێوەقارەی هینـدە سـەر بـە شـێوازی شـێعری هینـدی لـە قەڵـەم بدەیـن. ناودێرکـردنی شـێوازە شـێعرییەکان بـە هێندێـک نـاوی جوغرافیاییـەوە هەڵگـری مەجازێکـە کـە توێـژەر نابـێ لێـی خافـڵ بێ.

شـێوازە شـێعرییەکان عادەتـەن لـە مەڵبەندێکـەوە سـەر هەڵـدەدەن بـەڵام دەبـێ سـەرنج بدەینـە ئـەو خاڵانـە کـە یەکـەم: ئـەو شـێوازانە هـەر لـە سنووری مەڵبەندەکەدا نامێننـەوە و پـەل دەهاوێـژن بۆ ناوچەی تریش و دووەم: هەر لە مەڵبەندی سـەرهەڵدانی شێوازەکەشـدا چ بـەر لـە رمێنـی ئـەو شـێوازە و چ دوای ئـەوە رەنگـە شـاعیرانێک هەر لـەو مەڵبەنـدەدا هەبـن کـە خۆیـان لە نـاو ئـەو شـێوازەدا نەبیننەوە.

## ٤- ڕەچەڵەکەکانی شێوازی موکریان لە ئەدەبی کوردیدا

کـە دەڵێـین سـەرەتای شـێوازی موکریـان دەگەڕێتـەوە بۆ سـەیفی قازی، ئـەو گوتەیە، بەم مانایە نییە نەتوانین شـوێنی شـێوازی شـاعیرانی دیکە لە شێعری سەیفدا هەڵگرین. بـە پێچەوانـە شـێعری سـەیف لـە لایەکـەوە لـە ژێـر کارتێکـردنی قوتابخانـەی بابان و لـە لایەکـی تـرەوە شـوێن‌وەرگرتوو لـە شـێعری حاجـی قـادری کۆیـی بووە. مامۆسـتا هێمـن دەڵێ «[سـەیف] لە شـێعری دڵداریدا... شـاگردی قوتابخانەی... نـالی بووە... [و] لە شـێعری نیشـتمانی و شۆڕشـگێڕانەشـدا یەکەم شـاگردی قوتابخانەی شـاعیری نەمر... حاجـی قـادری کۆیی بـووە» (هێمـن، ٢٠٠٣: ٣٥).

هەڵبـەت نابـێ پێمـان وابـێ سـەیف بە یەک شـێوە و بە قەرا یەک کەڵکـی لەو دوو قوتابخانەیـە وەرگرتـووە. سـەیف ئـەو کاتـەی لە حاڵی گەڕان و پشـکنینی شـێوازێکی شـێعری لەبـار بـووە کەڵکی لە شـێوازی نـالی وەرگرتووە، بـەڵام ئەو کاتەی ناسـاریی لەگـەڵ قوتابخانـەی حاجـی قـادر پەیـدا کـردووە، هەرێمێکـی دۆزیوەتـەوە بـۆ ئەوەی دەواری پەیڤـی شـاعیرانەی خـۆی لـێ هەڵبـدا و تێیدا بگیرسـێتەوە. پێوەندی سـەیف بە

دوو قوتابخانەی نالی و حاجی، پێوەندییەکی وەکوو یەک و بەرابەر و پێکهەڵپێک نییە. سەیف بە راگوزاری بە هەرێمی قوتابخانەی نالیدا تێپەڕیوە. بەڵام قوتابخانەی حاجی-ی بۆ مانەوە هەڵبژاردووە و سامانێکی بەوەجیشی پێوە زیاد کردووە و سنوورەکەی بەرفراوانتر کردووەتەوە.

ئێستا پرسیارێک دێتە گۆڕێ؛ ئەگەر قوتابخانەی حاجی بەم شێوەیە کاری کردۆتە سەر سەیف، هەر لە بنەڕەتدا بۆچی سەیفی قازی بە بناخەدانەری شێوازێکی شێعریی سەربەخۆ دەزانین و جوداوازیی شێوازی ئەو لەگەڵ هی حاجی لە چیدا دەبینین؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە هەر لە سەرەتادا دەبێ بڵێین ئەو بۆچوونە کە شێوازی شێعری سەیفی قازی و بە گشتی شێوازی شێعری موکریان، درێژەی شێوازی حاجییە، بۆچوونێکی ناڕاست نییە، هەروەک چۆن ئەگەر بڵێین شێوازی حاجی-یش لە درێژەی قوتابخانەی نالیدا بووە، ئەویش هەر بۆچوونێکی راستە. بەڵام وەڵامی راشکاوانەی ئەم پرسیارە ئەمەیە کە شوێنوەرگرتنی سەیفی قازی لە حاجی قادر، بە شێوەی لەبەرهەڵگرتنەوە نەبووە بەڵکوو بە شێوەی ئاماژە وەرگرتن و قۆستنەوەی ئیدەیەکی بنیاتنەر بووە. ئەم گوتەیە یانی چی؟

لێرەدا مەبەستی سەرەکی ئەوەیە تەنانەت ئەگەر سەیف شێعری حاجی-یشی نەدیتبایە و هەر ئەو ئاماژەیەی لەبارەی حاجیدا بیستبا کە ئەو هەر لە قاڵبی شێعری عەرووزیدا گەڕاوتەوە بۆ زمانی ساکاری خەڵکی کرمانج و کەڵکی لە تەعبیراتی جووتیار و شوان و سەپانی کورد وەرگرتووە، هەر ئەو ئاماژەیە بەس بوو بۆ ئەوەی سەیف بگا بەو شێوازە شێعرییەی بە دوایدا دەگەڕا. مامۆستا ئەحمەدی قازی لە پێشەکی دیوانی سەیفولقوزاتدا دەڵێ: «کاتێک [سەیف] دەگاتە هەڵبەستەکانی کە بە زبانی دێهاتی ناوچەی مەحاڵی مەجیدخان بۆ عەزیزئاغای [عەبباسی] نووسیون، ئەوجار زبانی راستینی خۆی دەسدەکەوێ و نیازی بە فارسی و ترکی و عەرەبی نامێنێ و ئەو لیباسە قورس و گران و نالەبارە لەبەر هەڵبەستەکانی دادەڕنێ و بە جلوبەرگی جوان و رەنگاوڕەنگی کوردی دەیانڕازێنێتەوە» (سەیفولقوزات،۱۳۶۱: ۱۹). ئەگەر بۆچوونەکەی مامۆستا هێمن لەگەڵ بۆچوونی کاک ئەحمەدی قازی لێکدەینەوە، دەگەینە ئەو بۆچوونەی لە چەند دێڕی پێشوودا دەرمانبڕی. مامۆستا هێمن باسی کارتێکردنی شێعری حاجی قادر لە شێعری سەیف دەکا و کاک ئەحمەد باسی کەڵکوەرگرتنی سەیف لە زمانی خەڵکی کرمانج دەکا. لێکدراوی

ئـەو دوو بۆچوونـە دەبێتـە ئەوە کە سـەیف ئیـدە و ئاماژەی کەڵکوەرگرتـن لە زمانی هەڕەمـەی خەڵکـی لـە حاجـی وەرگرت و بـە گوێرەی ئـەم ئاماژەیـە، رووی لە زمانی خەڵکـی ئاسـایی ناوچەکـەی خـۆی کرد.

## ٥ - زەرفییەتە چالاکنەکراوەکانی شێعری حاجی قادری کۆیی

ئـەو وەرسـووڕانەی لـە قوتابخانەی حاجی قـادردا بەدی دەکرێت، بریتیـە لە بادانەوەی حاجـی لـە زمـانی مەدرەسـیی (ئەسکۆلاسـتیک)ی قوتابخانەی نالی بۆ زمانی سـاکاری خەڵکـی کرمانجـی کـورد. بۆچـی بـە زمـانی نـالی دەڵێـین زمانی مەدرەسـیی؟ پێشـان چونکـە زمـانی نـالی پڕیـەتی لـەم وشـە و دەسـتەواژە غەیـرە کوردییانـەی هەر بـە تەنیا خوێنـدەواری ئـەودەم لە نووسـراوە و باسوخواسـەکانیاندا بەکاریان دەهێنا. پاشـان ئەو بۆچوونانـەش کـە لـە دووتوێـی شـێعرەکاندا دەردەبڕدران، لە سـەرینچاوەی فەلسـەفە و کەلامی رەسـمیـی ئیسـلامییەوە هەڵدەهێنجران.

نـالی لـەو شـێعرەیدا کە گوایـە لە وەڵامی بۆچوونـە مەیلـەو موعتەزیلییەکانی موفتی زەهـاویدا هۆنیویەتـەوە، لـە قاڵبی بۆچوونی زانایەکی ئەشعەریدا دەڵێ:

ئەحـوەلی تەفرەقـە نەظـەر تەقوییـەتی سـەبەب دەکا
عاریفـی وەحـدەت ئاشـنا لـەم قسـەیە ئـەدەب دەکا
بەنـدە ئـەزەل بـە خەطـی خـۆی قابیلـی قیسـمەتی بووە
ئێسـتە بـە ئیقتیڤـای عەمـەل جێگەیی خۆی طەلـەب دەکا

(نالی، ١٣٨٠: ٢٧)

بێجگـە لـەوەی ئـەم شـێعرە دارماڵە بە وشـە و تەعبیـری غەیرە کـوردی، ناوەرۆکی شـێعرەکەش لـە قاڵـبی بـەرەوڕوو بوونـەوەی دوو شـێوە بۆچـوون لـە فیکـر و تیۆلۆژی ئیسـلامیدا پـەروەردە کـراوە. بـۆ تێگەیشـتنی ئـەم ناوەرۆکە، چارمـان ناچـارە، تەنانەت ئەگەر بە شـێوەیەکی رووکەشـیش بێ، دەبێ ئاگاداری جوداوازیی ئەم دوو فەلسـەفەیە بین.

وێنـەی ئـەم ناوەرۆکـە بـە کاکڵـەی نـالی لـەم شـێعرەیدا بـۆ داکۆکیکـردن لـە بـیری ئەشـعەری و بەگژداچـوونی بـیری موعتەزیلـی خسـتوویەتە روو، لـە پەیڤـی زانـا ئیسـلامییەکاندا زۆر کـەم بـەدی دەکـرێ.

خاڵی سەرەتا بۆ حاجی قادر ئا ئەم زمانە و ئەم شێوە دەربڕینەیە. کەواتە سەیر نییە ئەگەر زمانی حاجی‌یش لە بەرایی تەمەنی شاعیریەتیدا زمانێکی لەم چەشنەیە:

جەبەرووتی کە شکا دڵ لە حوڤووری مەلەکووت
هاتە ئەم عالەمی ناسووتە غەریبێکی نەسووت
ئەشعەیْ و باقلی‌یو حاتەم و گەر حەسسانی
دەوڵەتی تۆ بە فەنای نەفسە، سکوونت بە سکووت

(حاجی قادر،۱۳۹۰: ٦٤)

قسە لێرەدایە تەنانەت کاتێک حاجی لەم زمانەش دادەبڕدرێ و بەرەو دەکارکردنی زمانێکی رەسەنی خۆماڵی کوردییش دەچێ، دیسان بە حوکمی بارودۆخ و قۆناخی دەڵەمەبوونی زمانی نووسینی کوردی، هێشتا ئەو کەرەستە زمانییەی لە بەر دەستدا نییە بتوانێ زمانێکی تەواو خۆماڵییانە دەستەمۆ بکات. لە قەسیدە بەنێوبانگەکەی حاجی‌دا کە بە «گوتم بە بەختی خەواڵوو» ناوی دەرکردووە، دوو بەیت هەیە کە بە شێوەیەکی نەوعی (typical)، زۆر جوان ئەم دووفاقێتییە نیشان دەدەن و ئاماژەی زۆر وردیان بۆ توێژەر و رەخنەگر لەبارەی ئەم پێڕەوکەبوونە زمانییە، لە خۆیاندا حەشار داوە.

لە گوڵەشینێ کە قاز و مراوی دێن و دەچن
نەظیری ماە و ستارەن لە قولزومی مینا

(سەرچاوەی پێشوو، ٤١)

دیارە ئەم بەیتە (و بەیتی خوارەوە) بە هەڵکەوت وا دەرچوونە بەڵام بۆ پێشان‌دانی مەبەستی ئێمە زێدە لەبارن. لە میسرەع یا نیوەبەیتی یەکەمدا وشە و وێنە و تەعبیر و شێوەی داڕشتنی رستە، تەواو کوردییە و ئەگەر ئەم نیوەبەیتە بۆ کەسێکی شێعری حاجی نەدیتبێ، بخوێنینەوە و پێی‌بڵێین هی شاعیرێکی هاوچەرخە، زەحمەتە بڕوامان پێ‌نەکا. بەڵام لە نیوەبەیتی دووەمدا ئەو زمانە خۆماڵییەی بۆ ساتێک لە نێو دەستی حاجی‌دا بەیدەست ببوو، دیسان سرک دەبێتەوە و رادەکا و تەعبیرەکان دیسان بۆ لای شێوە دەربڕینە مەدرەسییەکەی پێشوو با دەدەنەوە. بەیتەکەی دیکە، ئەمەیە:

لە ژووری مێگەلی هەورە لە ژێری مێگەلی مەڕ
شەبیهی گوڵشەنی خەڤرایە توودەیی غەبرا
(سەرچاوەی پێشوو)

زمانی حاجی ئەم زمانەیە کە ساتێک کەوییە و ساتێکی تر ئاوەکییە. دیسان دەیڵێمەوە ئەوە لە سۆنگەی بێتوانایی حاجییەوە نییە بەڵکوو ئەو دۆخەی زمانی کوردی تێیدا بوو لەوە زیادتری هەڵنەدەگرت. هەنبانەی زمان لەو عەسرەیدا لەوە پتری نەدەبرد. زمانی کوردی بە گوێرەی قانوونی تەکامول دەبوایە ماوەیەکی ئەوتۆی تێپەڕ کردبایە هەتا ژیوەڵەتر و باوخۆشتر بایە بە چەشنێک گونجانەکەی بگاتە رادەیەک، شاعیرێکی وەک سەیفی قازی بتوانێ شێعری «زستان»ی پێبڵێ.

شێعری زستان هەر ئەو شێعرەیە کە ئەحمەدی قازی پێی وایە سەیف لەوێدا گەیشتووە بە زمانی راستەقینەی خۆی و هەر ئەو شێعرەیە کاتێک سەیف خۆی لە خانەقای بورهان لە هەژاری مێرمنداڵ دەپرسێ کامە شێعری منت لەبەرە، هەژار ئاماژەی پێدەکا و ناوی دەهێنێ:

گا لەبەر کزی هەڵناگرێ نیری نە مەڕ ماستی ما نە مانگا شیری
لۆک چەمبەرەی بوو ماین مشمشە گا گوێڕەپەی گرت گامێش خشخشە
کەڵ و گامێشیان بوونە چەکچەکی وشتریان بە عەین بێچووی لەگلەکی
بزن و مەڕ رووت بوون وەک سوورەساقە یەک دانوو دەیکوشت یەک بەلەباقە
نایە فیتەی شوان لەسەر شەوینێ مێگەلان چێشتان لە کوێ دەنوێنێ
کوان شەنگەبێری لە چیا و کوێستانان شڵقەی مەشکەیان بەری بەیانان
قۆڵیان هەڵدەکەن دەڵێی بلوورە سینگیان دەردەخەن پارچێک لە نوورە
دەرزی بەرۆکیان کە دێن دەرێنن رۆژ لە عاسمانڕا بۆ عەرزی دێنن
قەد و باڵایان وێنەی نەمامان کێ دی نەمامان بگرن شەمامان
(سەیفولقوزات،١٣٦١: ٥٢)

لەمەڕ خۆماڵی بوونی ئەم کرە زمانییە، هەرچی بڵێم، لە هێزی خۆدەرخستنی ئەو شێعرەم کەم کردووەتەوە. کەواتە هەر هێندە دەڵێم زەحمەتە هێمن-یش توانیبێ تەنانەت لە شاکارەکەیدا – بەهاری کوردستان – لەم زمانە خۆماڵییەی تێپەڕێنێ.

### ٦- کەڵکوەرگرتنی ئەدەبی لە زەمینەی پەیڤ

هاوبەشیی شێعری سەیف لەگەڵ شێعری حاجی قادر هەر بە تەنیا لەو زمانە رەسەنەدا نییە کە لە شێعرەکانیاندا بەدی دەکرێت. هاوبەشییەکی دیکە لە گۆڕێدا هەیە کە لەمەیان بناغەییترە و لە راستیدا هۆکاری ویکچوونی زمانی ئەو دوو شاعیرە هەر ئەم تایبەتمەندییە بناغەییەیە کە تا ئێستا سەرنجی پێنەدراوە.

ئێستا لە باسەکانی ئەدەب و زمانناسیدا ئەو بابەتە سەلمێندراوە کە زەمینە و هەڵکەوتی پەیڤ (کلام) مۆرکی خۆی لە پەیڤەکە دەدا. بە گوتەیەکی تر، پەیڤ دیاردەیەکی دابڕاو لە زەمینە نییە. گوتەیەکی بە کەسێکی ناسیاو بگوترێ، شێوەیەکی تایبەت بە خۆی دەگرێ. ئەگەر بەردەنگەکە لە جیاتی کەسێکی ناسیاو، کەسێکی غەوارە بێ، روخساری گوتەکەش دەگۆڕێ. ئەوجار ئەگەر بەردەنگەکان هەر ئەو دووەی پێشوو بن بەڵام لە جیاتی بەرەوڕوو بوونەوەی راستەوخۆ بمانهەوێ بە نامە، گوتەکەیان پێبگەیێنین. دیسان روخساری گوتەکە گۆڕانکاری بە سەردا دێ. ئەگەر بەردەنگێکی خەیاڵیمان لە مێشکدا بێ و بۆخۆمان کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی بۆ گریمانە بکەین، پەیڤەکەمان لەو کۆمەڵە تایبەتمەندییە گریمانەکراوانە، شوێن وەردەگرێ.

دەگەڕێینەوە بۆ ئەو شێعرەی لە دێڕەکانی پێشوودا لە نالیمان بە نموونە هێناوە. گوتمان نالی لەو شێعرەدا، لە خەیاڵیدا، موفتی زەهاوی کردووە بە بەردەنگ. موفتی زەهاوی ئەو کەسەیە شێخ رەزا لەبارەیدا دەڵێ:

مومکین نییە ئیدراکی حەقایق بە تەواوی
مومکین نییە ئیدراکی نەکا زیهنی زەهاوی

(شێخ رەزا، ۲۰۰۳: ۱۵۲)

هەروەک باسمان کرد زەمینەی شێعرەکەی نالی-یش، زەمینەیەکی فیکری و فەلسەفییە. ئینجا روو لە جەمسەرێکی دژ بەو جەمسەرەی نالی هەڵبژاردووە دەکەین. ئایا قەت لەمە ورد بوونەتەوە کە حەیرانبێژی کورد زۆر جار حەیرانەکەی بە دەستەواژەی «گەلی دە دۆستان و دە برادەران» دەست پێکردووە؟ کاتێک حەیرانبێژی نەخوێندەواری کورد، بەردەنگەکەی گەلی دە دۆستان و برادەرانی خۆی بووە و پێشینەی پەیڤەکەشی فۆلکلۆری کوردی بووە، پەیڤەکەی حەیرانی لێ

دەرچووە و کاتێکیش نالی بەردەنگەکەی کەسێکی وەک موفتی زەهاوی بووە و زەمینەی پەیڤەکەشی فیکر و فەلسەفە و ئەدەبێکی کلاسیکی عەرەبی و فارسی بووە، پەیڤەکەی بووە بەو شێعرەی دەیبینن.

لەبارەی شێعری حاجی قادر و سەیقولقوزاتدا چی دەتوانین بڵێین؟ چ زەمینەیەک شەقڵی تایبەتی خۆی لە شێعرەکانیان داوە؟ حاجی قادر لە زۆریەک لە شێعرەکانیدا بەردەنگی راستەوخۆی هەیە و بەردەنگەکەشی هەڕەمەی خەڵکی کوردە. حاجی، میر و شوانی کوردی وەکوو یەک بە بەردەنگ داناوە. لە زمانناسیدا، باسی تاقمی زمانی دەکرێ. راستە هەر تاقمێکی زمانی شێوەی دەربڕین و راوێژی تایبەتی خۆی هەیە. بەڵام لەبیرمان نەچێ کاتێک کەسێک رووی لە پڕایی خەڵکە، گوتەکەشی رەنگی زمانی زۆرینەی ئەو خەڵکە بە خۆیەوە دەگرێ. حاجی لەو کاتەوە کە بیری نەتەوەخوازی لە مێشکیدا چەکەرەی کرد، هەڕەمەی خەڵکی کورد لە میرەوە هەتا شوان بوون بە بەردەنگی.

لە شێعرەکەی نالیدا، شاعیر بە شێوەیەکی شاردراوە و ناڕاستەوخۆ روو دەکاتە بەردەنگەکەی و ئەگەر خوێنەر ئاگای لە هۆی گوتنی ئەم شێعرە نەبێ، هەر نازانێ شاعیر، رێک رووی لە کێیە. بەڵام لەم شێعرەی خوارەوەدا بزانن چۆن حاجی روو لە خەڵک دەکات:

لەم بەینە ئیتتیفاقێ پەیدا بکەن بە مەردی
فەرقی نەبێ شوان و جووتیار و میر و گاوان
گەر هیچ نەبێ بە ئۆین تابیع بە دەوڵەتێ بن
بێگانە چاکە دوشمن، نەک دوشمنی لە خۆتان
رۆمی وەکوو بەنی موون، کەس پشتیان پێ نەبەستی
کەوتوونە داوی خۆیان، سەرگەشتە ماون و حەیران

(حاجی قادر، ١٣٩٠: ٩٥)

وشیاریی سەیفی قازی لەمەدا بووە کە زانیوەتی زمانی رەسەن و خۆماڵی وەکوو پنجەگیایەک وایە کە لە خاکی خۆیدا نەبێ شین نابێ و پێویستیی بە چوارچێوەیەکی لەبار هەیە. ئەو زانیویەتی وەرگرتنی شێوازێکی تایبەت، لە پێشدا پێویستیی بە وەرگرتنی چوارچێوەکەی هەیە. ئەو چوارچێوە لەبارە بریتییە لە «بە

بەردەنگ دانانی خەڵک». بزانن سەیف چۆن ئەو خەڵکە دەدوێنێ:

کوردینە تاکەی ئێمە لە کێوان میسالی دێو
دێین و دەچین و بۆمە نەبێ قەت خودان و خێو
خەڵکی هەموو لە باغ و لە شارانە کەیف خۆش
ئێمە بڵاو بێ سەرە ماوین لە دەشت و کێو
بۆ عاسمان دەڕۆن و لە بەحران دەکەن سەفەر
هەر عەرزە نیشتگاهی مە، سنعاتە وەرد و شێو

(سەیفولقوزات،۱۳٦۱: ۳٥)

بە بەردەنگ دانانی خەڵک لە دواییدا دەگاتە ئامۆژگاری کردنیان:

فکرێ لە حاڵی خۆ بکەن و بگرین بە حاڵی خۆ
هەر بێسەری و عەداوەتی خۆتانە دێتە رێو
چون دوژمنن دەگەڵ یەک و نیتانە یەکیەتی
راتاندەدەن بە جارێ لە هەوراز و نشێو

(سەرچاوەی پێشوو)

## ۷- کەڵکوەرگرتن لە زەرفییەتە شاعیرانەکانی زمانی ئاخاوتن

کاتێک لە شێعردا روو دەکرێتە خەڵکی و زمانی خەڵکی ئاسایی دەبێتە پێوانەیەک بۆ دەکارکردن، هەموکات مەترسیی ئەوە لە گۆڕێدایە ئاستی هونەری شێعریش دابەزێ. ئەوە راستییەکە و حاشای لێناکرێ. شێعرە نیشتمانییەکانی حاجی قادر لە باری هونەری و ئەدەبییەوە لە شێعری نالی-یان تێنەپەڕاندووە و بگرە ئاستیان لە ئاستی شێعری نالی ژێراترە. بەڵام شێعری حاجی زەرفییەتێکی لە ناو خۆیدا حەشار دا کە ساڵانێک دواتر لە شێوازی موکریاندا زەرفییەتەکە دۆزرایەوە و بە شێویەکی هونەری کەڵکی لێوەرگیرا.

کەڵکوەرگرتن لە زمانی خەڵکی ئاسایی، هەر بە تەنیا لە وەرگرتنی ئەو وشە و دەستەواژانەی خەڵک لە قسەکردنی رۆژانەیاندا کەڵکیان لێوەردەگرن، کورت نابێتەوە. قسەکردنی ئاسایی جگە لەوەی وشە و دەستەواژەی تایبەت بە خۆی هەیە، «ڕاوێژ»ی تایبەت بە خۆشی هەیە. ئەوە زۆر گرینگە شاعیرێک بتوانێ

راوێـژی قسـەکردنی ئاسایی، نـەک هـەر وشـە و تەعبـیری قسـەکردنی رۆژانـە، بهێنێتە نـاو شـێعرەکانی و بتوانـێ ئـەو راوێـژە بـە رەوانی دەسـتەمۆ بـکا.

شـێوازی شـێعری حاجی دەبوایە هێندە دەستاودەستی پێ‌کرابا و لەو دەستاودەست پێ‌کرانـەدا هـەر هاتبـا و دەوڵەمەندتـر ببـا هەتـا لە دەسـتی شـاعیرێکی وەکـوو هێمن‌دا پتانسیەلێکی شـاردراوەی دۆزرابـاوە و هونەرمەندانـە ئـازاد کرابـا. هێمـن لـە شـێعری «شـەنگەبێری»دا راوێـژی گوتـاری رۆژانـەی بـە باشـترین شـێوە گواسـتووەتەوە بـۆ نـاو زمانی شـێعری:

شـەنگەبێری سـاڵی سـاڵان لـە کوێستانێ لـە نـاو مـەڕی
بـۆ مەڕدۆشـین هەڵتدەکـرد ئـەو باسکی سپی مەڕمەڕی
لەبـەر هـاڕەی گۆبەرۆک و گوارە و کرمەک و ژێرچەنە
نێوەڕۆیـە لـە بـەر بێـرێ کـوڕی مـەڕی رادەپـەڕی
کە ئێواران کەزیت دەکردن سـێبەنگی و چاوت دەڕشت
بەو کەزی و چاوە نەرمانە بێ‌ڕەحمانە شوانت دەکوشت
شـەنگەبیزا بـە سـروەبا مـوژدەی دەبـردە بـەر بەژنـت
ئاخر ئەتۆش هەوای کوێستانی ئەو کوردستانەت هەڵدەمشت

(هێمن، ٢٠٠٣ ئـ: ١٤٤)

هێمـن بۆخـۆی ئـاگاداری ئـەوە بـووە لـەو شـێعرەدا کارێکـی تـازەی کـردووە، بـەڵام زۆر بـە لێڵـی باسـی ئـەو تازەگەرییـە دەکا. مامۆسـتا لـە دوو شـوێندا یەکەمیان لە وتارێکـدا و دووهەمیـان لـە وتووێژێکـدا باسـی ئـەو شـێعرەی کـردووە. لـە وتارەکـەدا دەڵێـت: «گومـانم لـەوەدا نییـە ئەگـەر «شـەنگەبێری»م لەسـەر وەزنی عـەرووزی دابنایە ئـەم چێـژەی ئێسـتای نەدەبـوو». (هێمـن،٢٠٠٣ ب: ٨٥) لـەو وتووێژەشـدا کـە کاک فەرهـاد شـاکەلی لەگەڵیـدا کـردووە، دەڵـێ: «لـە بـاری قاڵبـدا تەنیـا شـێعرێکی .. کـە مـن پێـم وایـە پێـش مـن هیـچ شـاعیرێکی کـورد دەو قاڵبەیـدا شـێعری نەگوتـووە، شـەنگەبێری‌یە» (سـەرچاوەی پێشـوو،٢٧٤). بڵێـی مەبەسـتی مامۆسـتا هێمـن لـەو قاڵبەی بۆخـۆی دایهێنـاوە چـی بووبـێ؟ لـە رووی چۆنیـەتی و رێکخـرانی قافیەکانـەوە، ئـەم شـێعرە لـە هەمـوو بەندەکانیـدا لـە مۆدێلـی abaa کەڵـک وەردەگـرێ کـە مۆدێلێکـی تـازە نییـە و پێشـتریش کەڵکـی لێ‌وەرگیراوە کەواتـە مەبەسـتی لـە قاڵبـە تازەکـە هەر ئـەو کێشـە ناعەرووزییەیـە کە پێشـتر دەکار نەکراوە و حەق ئەوەیە بـە ناوی هێمن-ەوە

تۆمار بکرێ. بەڵام بە بڕوای من تازەگەرییەکی لەمەش گرینگتر کەڵکوەرگرتن لە راوێژی قسەکردنی ئاساییە. شاعیر بە سەمیمییەتێکی ئەوتۆ شەنگەبێری دەدوێنێ کە خوێنەر هەست بە ئامادەبوونی شەنگەبێری لە لای شاعیر دەکا.

هێمن تەجرەبەیەکی تریشی لەم چەشنە هەیە. ئەو بیست و پێنج ساڵ بەر لە شێعری شەنگەبێری، شێعرێکی بە ناوی «بەهاری لادێ» بە شێوەی تەرکیببەند گوتووە کە لەو شێعرەشدا راوێژی قسەکردنی ئاسایی زۆر شارەزایانە گواستووەتەوە بۆ ناو شێعر:

بەهارە کاتی کارە خۆشەویستم بۆچی بێم بۆ شار
ئەگەر من بێمە شاری کێ وە ئەستۆ بگرێ کاروبار
ئەمن کرمانجم و کرمانج کە هات فەسڵی بەهار وەک هار
دەبێ بخولێتەوە کێو و تەلان و بەندەن و نیسار
هەتا پەیدا بکا نان و نەبا بۆ خەڵکی شار هاوار

(هێمن، ۲۰۰۳ ئ: ٦٦)

جوداوازییەکەی لێرەدایە ئەو شێعرە بە پێچەوانەی «شەنگەبێری» لەسەر وەزنی عەرووزی داندراوە. دوای ئەم تەجرەبەیە، هێمن کە دەگاتە «شەنگەبێری»، بۆ ئەوەی راوێژی قسەکردنەکە، ئاساییتر بنوێنێ، وەزنە عەرووزییەکەش وەلا دەنێ. بەڵام لە هەردوو شێعردا، شاعیر کەسێکی نزیکی کردووە بە بەردەنگ و دەیدوێنێ.

لە شێعری فارسیدا کەڵکوەرگرتن لە پتانسیەلەکانی زمانی قسەکردنی رۆژانە، بووەتە هۆی خولقانی شێوازێکی شێعریی بە ناو «شێعری ئاخاوتن». توێژەرانی ئەدەبی هاوچەرخی فارسی رەچەڵەکی ئەو شێوازە دەگێڕنەوە بۆ شێعرەکانی «فرووغی فەڕوخزاد» و چڵەپۆپەکەشی لە شێعری «سەید عەلی ساڵحی»دا دەبینن. لە شێعری کوردیدا ئەم داهێنانە، بەر لەوەی لە شێعری نوێدا کەڵکی لێوەربگیرێ، لە شێعری نەریتیدا ناسراوە و تا رادەیەک دەکار کراوە.

جگە لەو نموونانەی باسمان کرد، ماموستا هەژار لە «بەرەو موکریان»دا، کاتێک لە غەریبایەتیدا، باسی شوێن و ناوچە و کەسایەتییەکانی موکریان دەکا کە لێیان دوورە، وەک کەسێکی دوور و تاراو لە مەوتەنی خۆی باسیان ناکا، بەڵکوو لە بەر چاوی خۆی حازریان دەکا و وەکوو ناسیاوێکی کۆن دەیاندوێنێ. ئاخۆ مرۆڤ

لەگەڵ ناسیاوێکی خۆشەویستی کۆن، بە راوێژێکی خۆمانە و سەمیمی نەبێ، دەدوێ؟

پردی سوور ئاخۆ لە بیرت ماوم
پێم بڵێ باغی مکایل چۆنی
دارەتووی بەژنی خەزایی ماوی
ئەی مهاباد گوڵی سەرتۆپی زەوی
سەیدوەقاس هەر بە گەڕی رەشبەڵەکی
خانەقا دار و دەرت چیمەن و چیم
تەرەغە خۆشی سەرت هەر بەرزە

بە نەمامی لە دەراوت رواوم
هەر وەکوو پێشوو بەڕەنگ و بۆنی
هەر گەش و دڵتەڕی یان ژاکاوی
زیاد لە هەر جوانێ وە بەر دڵ دەکەوی
وەکوو جاران بە کڵۆک و کەڵەکی
لە هەمووی هەڵدەقوڵێ بیرەوەریم
لێکجیابوونەوەمان چەند وەرزە؟

(هەژار، ١٣٥٨: ١٤٥ـ١١٠)

## ٨- هەڵهێنجانی وزەی ئەدەبی فۆلکلۆری

جگە لە زمان و راوێژی قسەکردنی رۆژانە، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی و ژانرە جۆراوجۆرەکانی ئەو ئەدەبەش، سەرچاوەیەکی تری کەڵکوەرگرتنی شاعیرانی شێوازی موکریان بووە. گرینگترین ژانری ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بەیتە. دیارە ناوی بەیتیش لە کۆنەوە لەگەڵ ناوی ناوچەی موکریان لەیەک گرێدراون. ئەو لەیەکگرێدرانە بە چەشنێک بووە کە لای زۆریەک لە توێژەران ئەو چاوەڕوانییەی ساز کردووە کە هەر شاعیرێکی لەو ناوچەیەدا ژیابێ، شێعرەکەی دەبێ راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ شوێنی لە فۆرم و ناوەرۆکی بەیتە جۆراوجۆرەکان وەرگرتبێ. لە نووسراوەیەکدا تووشی ئەو مەبەستە هاتم کە گوایە شێعری میسباحوددیوانی ئەدەب تەئسیری زۆری لە شێوەی دەربڕینی بەیتەکان وەرگرتووە. ئەو کەسانەی لە شێعری ئەدەب شارەزان، دەزانن ئەو یەکێک لە لێهاتووترین شاعیرانی پەیڕەوی قوتابخانەی بابانە و زمانی شێعریی ئەدەب لە زمانی نالییەوە خواستراوە. ئەو کروتەونە زمانییەی ئەدەب دەکاری کردووە، سروشتەکەی بە چەشنێکە ناتوانێت دەربڕینی لە چەشنی دەربڕینی باو لە بەیت و ئەدەبی فۆلکلۆری وەخۆ بکا.

بەڵام دزەکردنی زمانی بەیت لە هێندێک شێعری وەفاییدا دەبیندرێ. وەفایی لە شێعرێکدا دەڵێت:

هەزار صەوم و صەلات بێ/ چاوت لە دووی زەکات بێ/ خودات نییە حەیات بێ/ قەت وا نییە تۆبەکار.

تـف لـه ڕەنـگ و ڕەوانـت/ دەگـەڵ فیعـل و ژیانـت/ چی تێدا نییـە دوکانت/ چت [لـێ] بکـڕێ خەریدار

بەیـتی کـوردی لـە ڕووی قاڵـب و فۆرمـەوە هەموویـان وەکـوو یـەک نـین. کۆمەڵێـک بەیـت هـەن وەکـوو زەمبیلفـرۆش، محەممـەدی حەنیفە، شـێخی سـەنعان، باپیرئاغـای مەنگـوڕ و هەمزاغـای مەنگوڕ لە مەنزوومـە نزیک دەبنـەوە و دەکرێ ناوی بەیـتی مەنزوومەییـان لـە سـەر دابنێـن. کێـش و قاڵـبی ئـەو شـێعرەی وەفایی لـەم بەیتانە نزیکـە. وەفایـی لـە شـێعرێکی دیکەیـدا لـە تەکنیکێـک کەڵـک وەردەگـرێ کـە لـە بەیتـە مەنزوومەییەکانـدا زۆر دەبینـدرێ. دەکـرێ نـاوی جومگـەی مەنزوومەیی لەسـەر ئـەم تەکنیکـە دابنێـین. «لـە مەنزوومـەدا چۆنیـەتی لێکبەسـتنەوەی بەنـدەکان هەندێک جـاران بەمجۆرەیـە کـە دەسـتەواژەی کۆتایـی بەندێـک، لەسـەرەتای بەنـدی دوایـەدا دووپـات دەبێتـەوە» (مەحمـووزادە،۱۳۸۱: ۱۲۰).

ئەم جومگەیە لەم شێعرەی وەفاییدا دەبیندرێ:

ئـەی ڕەفیقـان وەرنـە یـاریم زۆر زەلیلـم دڵ شـکاو
جـان و دڵ مەحرووقـی نـارم ئـاخ لەبـۆ تیرێـک دراو
ئـاخ لەبـۆ تیرێـک دراوان نـووری دڵ بینایـی چـاوان
مەرهەمـی دڵکونکـراوان مۆمیـای پشـتی شـکاو

(وەفایی،۱۳۸۰: ۱۰۱)

وەفایـی کاتێـک لـەم شـێوازە شـێعرییە کەڵـک وەردەگـرێ کـە لـە شـێوازی بابـان دوور کەوتووەتـەوە و بـەرە بـەرە خەریکـە وەکـوو ئەحمـەدی کـۆر، ئەزموونـەکانی قوتابخانـەی باکـوور و شـێوازی شـاعیرانێکی وەک فەقـێ تەیـران و شـێخ ئەحمـەدی جزیـری دەگوازێتـەوە بـۆ موکریـان.

حاجـی قـادر لـە هەندێـک لـە شـێعرەکانیدا بـە شـێوەیەکی ئیجـابی ئـاوڕ لـە بەیـتی وەک «محەممـەدی حەنیفـە» و «مێهـر و وەفا» دەداتەوە و نـاوی بەیتبێژی وەک عەلی حەریری و عەلی بەردەشـانی بە گەورەیی دەهێنێ. کەواتە ئاسـاییە شـاعیرانی شـێوازی موکریـان، بـە شـێوەیەکی بەئاگایانـە کەڵکیـان لـە ئـەدەبی فۆلکلـۆری وەرگرتبـێ. مامۆسـتا هێمـن لـە هەندێک لە نووسـراوەکانیدا باسـی ئـەوەی کردووە کـە ناوەرۆکی شـێعری شـێخ ڕەزا هێندەی ڕواڵەتیان جوان نییە. بەڵام لە ناو هەموو شـێعرەکانی شـێخ

ڕەزادا بە تایبەتی و بە ڕێزێکی زیادترەوە باسی بەیتێکی شێخ ڕەزا دەکات:

کارێ کە غەم و دەردی فیراقت بە منی کرد
سەرما بە هەتیو با بە دەواری شڕی ناکا

(شێخ ڕەزا، ٢٠٠٣: ٣٣)

ئاخۆ چ هۆکارێک بووەتە هۆی ئەوەی هێمن ئەوا بە ڕێزەوە باسی ئەم تاکە بەیتە بکا؟ دیارە ئەم هۆکارە بریتییە لە بەکارهێنانی ئەو مەسەلەی لە نیوەبەیتی دووهەمدا هاتووە. دیارە مەسەل بەشێکە لە فۆلکلۆری کوردی. شاعیرێکی وەکوو هێمن کە ئاوا کەڵکوەرگرتن لە فۆلکلۆر پەسند دەکا، دەبێ بۆ خۆی چۆنی مامەڵە لەگەڵ ئەدەبی فۆلکلۆری کردبێ.

ئەو کێشەی هێمن لە شێعری «ڕۆژگاری ڕەش» و «بەهاری کوردستان»دا کەڵکی لێوەرگرتووە، کێشێکە کە خاڵی پێکگەیشتنی گۆرانی و بەیتی مەنزوومەییە. ئەم کێشە لە هەردووک لەم لقانەی فۆلکلۆری کوردیدا کەڵکی لێوەرگیراوە.

هێمن لە «ڕۆژگاری ڕەش»دا دەڵێت:

ئەمنیە وەک داڵ و قەل بڵاو بوونەوە ناو گەل
کێ ئازایە بڵێ لەل هەتا بیکەن شێت و شەل

(هێمن، ٢٠٠٣ ئـ: ٩٣)

ئەو سکاڵایەی هێمن لە گەل ئەو سکاڵایەی بەیتبێژی کورد لە ڕەزاشای دەکات، هەڵسەنگێنن:

شای پەهلەوی نازانی/ میللەتیان کوشت مەئموورانی/ تەمام موحتاجن بە نانی/ ڕۆژێ سەد باجی دەستێنن/ وەکی گورگی دەم بەخوێنن/ چی فەقیر بێ دەیمرێنن/ (تەقی سوڵتانی، ٤٨)

نموونەیەکی بەرچاوی دیکەی بەکارهێنانی ئەدەبی فۆلکلۆری، مەسنەوییە بەناوبانگەکەی مەلا غەفووری دەبباغی‌یە کە تێیدا زۆر مەسەلی باوی سەرزاری خەڵک، بە شێعر هۆندراوەتەوە.

## ۹- سەنتێزێک لە هەموو شێوازە شێعرییەکانی پێشوو

لە کۆتاییدا ئەگەر کەسێک لێمان بپرسێ شێعری قوتابخانەی موکریان بە چ تایبەتمەندیگەلێکەوە پێناسە دەکرێ و کامە شێعر لە کامە شاعیر دەکرێ وەکوو نموونەی بەرچاوی شێعری ئەم قوتابخانەیە باسی لێوە بکرێ، وەڵامی ئەم پرسیارانە چۆن دەدەینەوە؟

دیارە ناکرێ نموونەکان لە شێعری شاعیرێکدا کورت کەینەوە. لە مێژووی قوتابخانەی موکریاندا شێعری بەنێوبانگ و شوێندانەر زۆرن. «زستان»ی سەیفی قازی، «بەرەو موکریان»ی هەژار، «خاسەکەو»ی سەید کامیل ئیمامی، «بەهاری کوردستان»ی هێمن و زۆر شێعری تریش بۆ ئەوە دەبن وەکوو نموونەی بەرچاوی شێعری قوتابخانەی موکریان چاویان لێبکرێ. بەڵام بۆ ناسینی ئەم قوتابخانەیە، چاوگێڕانێکی مێژوویی بەسەر شێعری شاعیرانی ئەم قوتابخانەیە بەکەڵکە. گوتمان شوێنوەرگرتن لە زمانی نالییەوە هەتا کەڵکوەرگرتن لە زمانی خەڵکی ئاسایی و زمانی فۆلکلۆر، ڕێچکەیەک بووە شاعیرانی ئەم قوتابخانەیە پێیدا ڕۆیشتوون. بەڵام دەبێ بزانین ئەمە نیوەی ئەو ڕەوتەیە لەم قوتابخانەیەدا تێپەڕ کراوە.

بۆ وێناکردنی چۆنیەتی ئاڵوگۆڕەکان لە نیوەی یەکەمی ئەم ڕەوتەدا، دەکرێ دوو نموونەی زۆر بەرچاو لە شاعیرێکی تەمەندرێژ و پڕبەرهەمی ئەم مەکتەبە واتە سەید کامیل ئیمامی (ئاوات) بهێنینەوە:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی سروەکەی سەحەر
ئەی شارەزا و بەڵەد بە هەموو کێو و دەشتودەر
کاتی گزینگ چیا بە نەسیمت مونەووەر
ڕەنگین دەبێ لە تۆقی سەری ڕا هەتا کەمەر

(ئاوات،۱۳۸۱: ۱۹۵)

پێویست بە وتن ناکا ئەم زمانە چۆن لە ژێر کارتێکردنی خەست و خۆڵی زمانی نالیدایە. بەڵام هەر شاعیری ئەم شێعرە، ساڵانێک دواتر شێعری خوارەوە دەنووسێ. بۆ خۆتان دەتوانن مەزەندەی ئەوە بکەن ئاوات لەم شێعرەیدا چاوی لە کامە شاعیر و لە کامە شێعر بووە.

بێری چوونە مەڕ دۆشین بە پەنجەی نەرم و ڕەنگین

یەک خاتوو زین یەک شیرین شیرینتر بوون لە هەنگوین
خەجێ و مەجێ و فاتمۆکێ دەرکەوتن بۆ مەندۆکێ
بە هەڵپەڕکێ و پێکەنین چوون بۆ مەندۆکان چنین
(سەرچاوەی پێشوو، ٢١٢)

شوێن پێی «بەهاری کوردستان»ی هێمن، لەم شێعرەدا بە ئاشکرایی بەدی دەکرێ. (هەڵبەت بەم نموونە هێنانەوەیە لە شێعری سەید کامیل ئیمامی، نابێت مامۆستا ئاوات بە شاعیرێکی لاسایی کەرەوە بزانین. ئەو دانوستانانە لە شاعیرانی ناو بازنەیەکی ئەدەبیدا دیاردەیەکی ئاساییە. بۆ نموونە قافیە و کێشی هەندێک شێعری ئاوات، وەک دیارە زۆرجار دڵی هێمنی بردووە. هێمنی لاو لە شێعری «یادگاری شیرن»دا لە ژێر کارتێکردنی شێعری «ئارەق ڕشتن»ی ئاواتە. هەروەها ئاوات دوو پارچە شێعری جودای هەردووک بە ناوی «چ بکەم» هەیە کە کاریان کردووەتە سەر غەزەڵە بەناوبانگەکەی هێمن واتە «بارگەی یاران» کە لە دەورانی پیریدا هۆندوویەتەوە. نموونەی تریش لەم دەستە لە گۆڕێدا هەیە.)

مەبەستێکی زۆر گرینگ کە دەمهەوێ بیخەمە روو و داکۆکی لەسەر بکەم ئەمەیە کە شێوازی شێعری قوتابخانەی موکریان، هەر لە مەودای نێوان ئەم دوو جەمسەرە دیاری کراوە کە بۆ نموونە لە شێعری سەید کامیلدا دیتمان قەتیس نامێنێتەوە. ئەمە نیوەی ئەو مەودایەیە کە دەبوایە خستبامانە روو. شێوازی شێعریی لەم قوتابخانەیەدا لە دوایین هەنگاوەکانیدا لە وێستگەی شێعری وەک «بەهاری کوردستان»ی هێمندا ناوێستێ. هێمن لە زۆریەک لە غەزەڵەکانیدا بە سەنتێزێکی زۆر پوخت و پاراو لە میراتێکی یەکجار پاراوی شێعری کوردی و فارسی دەگا. ئەو سەنتێزە پوخت و پاراوە لە غەزەڵی وەک «بەرەو ئاسۆ»، «عیشق و ئازادی»، «فرمێسکی رنوو» و «بارگەی یاران» دەبیندرێن. لە غەزەڵە کۆنترەکانیش دەتوانین ئاماژە بە «بۆسەی رۆژگار»، «چارەنووسی شاعیر»، «ماچی شیرن»، «هێلانەی بەتاڵ»، «گلێنەی شاعیر»، «شەوگاری تەنیایی» و «پەیامی رانەگەیەندراو» بکەین.

وەکوو بەڵگە هێنانەوەیەک بۆ ئەم بۆچوونە، بۆ نموونە لە شێعری «بارگەی یاران»دا دەبینین لە لای وشە و تەعبیری کلاسیکی وەک سەروی رەوان، دۆخ و خەدەنگ، رۆحی رەوان و... دا، وشە و تەعبیری خۆماڵی و کوردانەی وەک رەوتی

کەوان، پڕمەی بۆر و بدەوان، زەبری ئاوزەنگی و... دەدیتری.

لە شێعری ئاوات-یشدا بێجگە لە نموونە زۆر بەنێوبانگەکانی «شەو» و «شاری دڵ»، شێعرێکی وەک «شای شامات» نموونەی ئەم سەنتێزەیە:

من هاتم و تۆ ڕۆیی، تۆ ڕۆیی و من هاتم
زانیوتە بە قەولی وان تۆ لۆتی و من لاتم
تۆ راوچی و من هەوچی، با پێکەوە حازر بین
گوێ مەگرە قسەی خەڵکی، وەک من بە کەڕا هاتم
شایی دەوێ ئەو سەیرە دەسبگرە مەڵێ لەنگم
هەڵپەرکەیەکی بگرین تۆ دەس گرە من پاتم
گەر چا بێ کەلای من سینەش کە سەماوەر بێ
شیرینە وەکوو قەندە هەڵبەست و مەقالاتم

(ئاوات،۱۳۸۱: ۱۱۳)

ئاوات لەم شێعرەیدا گەرچی ئیلهامی لەو شێعرەی مەولەوی ڕۆمی وەرگرتووە کە بەم بەیتە دەست پێدەکات:

من بیخود و تو بیخود، ما را کە برد خانە
من چند تو را گفتم کم خور دو سە پیمانە[1]

بەڵام وەها تەعبیر و وشەی کوردی ئاویتەی ئەم کێش و کەشە خواستراوە دەکا (بە تایبەتی لە دوو بەیتی دواییدا و لە باسی هەڵپەرکێ و قەند و چایەکەدا) کە لە ڕەوتی بەخۆماڵیکردنی ئەم کێش و کەشەدا بە ئاشکرا سەردەکەوێ. پێوەندی ئەم شێعرەی ئاوات لەگەڵ شێعرەکەی مەولەوی وەک پێوەندی شێعری «ناسۆری تەشەنا»ی هێمن (وەرە مەیگێڕ دەمەوێ ئەوشۆ غەمی دڵ کەم کەم/ لووزەوم بەردە سەرێ نامەوێ جورعەی کەمکەم) لەگەڵ ئەم شێعرەی سەعدی-یە کە خاوەنی راوێژێکی حیماسی تەغەززوللییە (بە جهان خرم از انم کە جهان خرم از اوست/ عاشقم بەر همە عالم کە همە عالم از اوست). لە بیرمان بێ شێوازی موکریان

---

۱- ئەم شێعرە زیادتر بەم شێوەیە لە سەر زاری خەڵکە: (من مست و تو دیوانە...)، بەڵام مامۆستایان بەدیعوززەمانی فرووزانفەر و شەفیعی کەدکەنی بە شیوەی (من بیخود و تو بیخود)یان ساخ کردووەتەوە.

دوایین قوتابخانەی شێعری نەریتی کوردییە؛ کەواتە شاعیرانی سەر بەم شێوازە لە سەر شانی کەڵەشاعیرانی کورد و فارس راوەستاون. چ نموونەیەک لە «ناڵەی جودایی»، باشتر ئەم سەنتێزە باس کراوەمان پیٚ نیشان دەدا؟ هێمن لەو شێعرەدا وەک چۆن کەڵک لە کێش و ناوەرۆکی شێعری سەرەتای مەسنەوی مەولەوی وەردەگریٚ و چەند بەیتێکیشی لیٚ تێهەڵکێش دەکا وەک (هر کسی کو دور ماند از اڵل خويش/ باز جويد روزگار وڵل خويش)، هەر ئاواش ئاوڕ لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی دەداتەوە و حاڵی خۆی لە تاراوگەدا لەگەڵ حاڵی پڕ لە پەژارەی قارەمانە فۆلکلۆرییەکان بەراورد دەکا و لە مەم و زین و لاس و خەزاڵڕا پێدادیٚ، هەتا دەگاتە شەم و شەمزین و خەج و سیامەند و برایمۆک و پەری‌خان.

لاسە شۆڕێک بووم غەنیمی دوژمنان    ئێستە ئەنگواوم بە تیری چڵکنان
مانگی کانوونیٚ بە چلوان دەرکرام    وەک برایم لەو وڵاتە راونرام
(هێمن، ٢٠٠٣ ئ: ٢-٢٠١)

لە ناو شێعری هێدی-شدا زۆر شێعری ئەوتۆ هەن کە دەکریٚ وەکوو سەنتێزێکی سەرکەوتووی شێعری کلاسیک و ئەدەبی فۆلکلۆری چاویان لیٚ‌بکریٚ:

تەماشای هەنیەت هەتاو نەکردە    بۆنی ئەگریجەت شەماڵ نەبردە
لەو هەموو وێنەی وەستای وێنەگەر    هەر تۆی بیٚ‌وێنە لیٚ هاتوویە دەر
ئەو کاتەی هێڵی بە بڕۆت دادێنا    هەر زانستیٚ بووی بەکاری هێنا
تا زەردە گوڵی گۆنات دەنگێویٚ    چیمەن سەد کاسە خوناو دەپێویٚ

بۆخۆتان دەتوانن مەزەندەی ئەوە بکەن شێعرێکی وا توانییێتی ئەدەبی کلاسیکی فارسی و کوردی و ئەدەبی فولکلۆری لە ناو یەک بۆتەدا قاڵ کاتەوە، رووی لە چ ئاسۆیەک بووە و لە چ وێستگەیەکدا وێستاوە.

### ١٠- ئەنجام

باس‌وخواسەکانی پێوەندی‌دار بە شێوازناسی شێعری نەریتی کوردی ئەگەرچی بە خۆشییەوە ماوەیەکە هاتوونەتە گۆڕیٚ و هەندێک بیرۆکەی بەکەڵک لەم بارەیەدا چەسپێندراون، بەڵام هێشتا ئێمە لەم بوارەدا لە سەرەتای رێگادایین. ستراتێژییەکی

بەکەڵک بۆ بردنەپێشی ئەم پرۆژەیە بریتییە لە کەرت کەرت کردنی پرۆژەکە و کارکردنی ورد و جودا لەسەر هەر کام لە کەرتەکانی. لەم وتارەدا هەوڵ دراوە بە شێوەیەکی سەرەتایی تایبەتمەندییەکانی شێوازی شێعریی موکریان روون بکرێنەوە، هەتا دواتر بتوانین بە ساغ کردنەوەی ئەم باسە، ئەو بەشە لە شێعری کوردی وەکوو ئاڵقەیەک بخەینە سەر زنجیرەی شێعری نەریتیی کوردی.

## سەرچاوەکان


١. ئاوات (١٣٨١) *دیوانی ئاوات*. مەهاباد: رەهڕەو.

٢. تاڵەبانی، شێخ رەزا (٢٠٠٣) *دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی*. کۆکردنەوە و ساغ کردنەوەی شێخ محەمەدی خاڵ، ئومێد ئاشنا. هەولێر: ئاراس.

٣. تەقی سوڵتانی، ئیبراهیم (١٣٨٠) «بەیتی فەقیری». *سروە*، ژ. ١٣٨، ل. ٤٨.

٤. حاجی قادری کۆیی (١٣٩٠) *دیوانی حاجی قادری کۆیی*. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا. سنندج: کردستان.

٥. حیلمی، رەفیق (١٩٤١) *شێعر و ئەدەبیاتی کوردی*. بەرگی یەکەم. بەغدا.

٦. خەزنەدار، مارف (٢٠١٠) *مێژووی ئەدەبی کوردی*. بەرگی یەکەم تا حەوتەم. هەولێر: ئاراس.

٧. سەجادی، بەختیار (١٣٨٩) «مێژوونووسیی ئەدەبی لە ئەدەبی کوردیدا». چاپکراو لە: *کۆمەڵە وتاری یەکەمین کۆڕی نێونەتەوەیی ئەدەبی کوردی*، بەرگی یەکەم، لل. ٢٥٧-٢٣٨. سنە: زانستگای کوردستان، توێژینگەی زمان و ئەدەبی کوردی.

٨. سەجادی، عەلائەدین (١٩٧١) *مێژووی ئەدەی کوردی*. چاپی دووەم. بەغداد: مەعاریف.

٩. سەفیزادە (بۆرەکەیی)، سەدیق (١٣٧٠) *مێژووی وێژەی کوردی*. بەرگی یەک و دوو. بانە: ناجی.

١٠. سەیف قازی، میرزا ئەبولحەسەن (سەیفولقوزات) (١٣٦١) *دیوانی سەیفولقوزات*. گردەوەکۆی ئەحمەد قازی.

١١. شاوەیسی میکاییلی، مەلا خدر (نالی) (١٣٨٠) *دەقی دیوانی نالی*. سنندج:

کردستان.
١٢. شـەرەفکەندی، عەبدولڕەحمـان (هـەژار) (١٣٥٨) *بـۆ کوردسـتان*. تـاران: جەواهـیری.
١٣. شێخولئیسـلامی، سـەید محەمـەد ئەمـین (هێمـن) (٢٠٠٣ ئـ) *بارگـەی یـاران*. سـەرجەمی شـێعری هێمـن، هەولێـر: ئـاراس.
١٤. --- (٢٠٠٣ بـ) *هەواری خاڵی: سەرجەمی نووسینی هێمن*. هەولێر: ئاراس.
١٥. فەیزیبەگ، ئەمین (١٩٢٠) *ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد*. ئەستەنبۆڵ: ترجمان حقیقت.
١٦ کەمال باپیر، عەلی (١٩٣٩) *گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم*. سلێمانی.
١٧. مەحموودزادە، رەهبەر (١٣٨١) *پێکهاتەی بەیتی کوردی*. ورمێ: سەلاحەددین ئەییووبی.
١٨. وەفایی، میرزا عەبدولڕەحیم (١٣٨٠) *دیوانی وەفایی*. سنندج: کردستان.